www.kurdistannet.org
7-3-2007 23:08 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## رۆژێكیش بۆ نەهێشتنی گەندەڵی. . . ئامانج عەبدوڵا سوور

ئەوكاتەی دەسەڵات لەهەوڵدا دەبی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین متمانەی جەماوەریی پلانێكی دروست



وبەرنامەیەكی دوور لەتاكرەهەند بۆخۆی دیاری ئەكات وەك ئەوەی كنەخۆمان نیە وەزیرەبەرێزەكانی رۆڵی موسافیر بگێرن وجەماوەریش لەچاوەروانی گۆدۆدا بژی بۆتاقە ئیمزایەكیان نزابكات وقوربانی بدات وەك ئەوەی بووە بەشێك لەستراكتۆری ئێمە، بریارە لەمەودوا بۆهەر بوارێك هیوامان لی برا بەدەستوری فیرعەون گایەك بكەینە خێر وپارەكەی لەفەرمانبەروخەڵكی رەشورووت كۆبكەینەوە، حكومەتی هەرێم زیادلەچل وەزیری هەیە بەخاسیەتی شوێنگر نەك نوێنەر لەساڵێكدا چەند وەزیرێكی لی دەرچێت تاقیان مانگێك لەم كوردستانە خۆشەویستە بەسەرنابەن من پێشنیارئەكەم بۆئەوەی گەندەڵێ نەمێنی ڤیستیڤاڵێك ئەنجامبدەین بەناوی (چەندشیرینە لام داروبەردی وەتنم) ئەم ڤیستیڤاڵە تەنها بۆوەزیرە بەرێزەكان هەبێت بێنە ژوورەوە بەڵكو لەم ڤیستیڤاڵە رابچڵەكێن وبەخۆدا بچنەوە ئەوەندە نیشتمان جی نەهێڵن. . . هێند حكومەت خەریكی ووتارخوێندنەوەیە چما بۆ ڤیستیڤاڵێك لەوجۆرە بۆ وەزیرە بەرێزەكانی ئەنجام نادات خۆ دنیا كۆتایی نایەت گەر رۆژێكیش بۆ نەهێشتنی گەندەڵی تەرخان بكەن، عاردوئاسمان لەیەك نادەنەوە تاقە كۆبونەوەیەك ناوبنێن لەپیناوی نەهێشتنی گەندەڵی دا. . گەر وابروات دەبێت لەمرۆوە هەموو خەریك بین داستانێك بنوسینەوە بەناوی لەچاوەروانی تاكە ئیمزایەك ورەزامەندی وەزیرێك چۆن سارتەر لەدژی لەسێدارەدان بابەتێكی نوسی گەورەترین خەڵات كرا ئاواش ئەوەی ئەو داستانە ئەنوسێتەوە پی دەچێت گەورەترین خەڵاتی نێو دەوڵەتی وەربگرێت. . .

خەریكە وەزیرە موسافیرەبی ناونیشان وسنورنەناسەكانی كوردستان وەك پاڵەوانی چیرۆكی تای غوربەتی بەكر جەسەن یان لی بەسەر دێت ئەوگەنجەی لەتاراوگە توشی نەخۆشیەكی تایبەتی هات وتایەك بۆ 48كاتژمێر لەهۆشی خست لی كەبەئاگاهاتەوە دووكەناری ناوقەفەسەكی لەبرسان مردبوون!!چونكە دوو رۆژی رێك كەس دان وئاوی نەدابونی!

رۆژێك دادی جەماوەر لە چاوەروانی ئەو هەموو ئیمزایەدا پردی نائومێدیان دەپسی وخۆیان لەسەر پردی شلۆق ئەبیننەوە چ نەگبەتیكە رووی تی كردوون هەرهاڵاوی دەمیان بەری بەیانێك هەناسە لەهەموو ژوورەبەهشت ئاساكانی وەزارەتەكان ئەبری وئەوكات وەزیر لەچاوەروانی كردنەوەی تەنها پەنجەرەیەكدا رەش بین دائەنیشی. . .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.